**توێژینەوەکانی**
**کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی**
**جینۆسایدی گەلی کوردستان**
**(جینوسایدی کوردی فەیلی)**

GENOCIDE.KRD

زانكۆی سەلاحەدین

زانكۆی دهۆك

زانكۆی سوران

زنجیره پەرتووكی كونفرانسیی جینوسایدی كوردی فەیلی (1)

# كۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینوسایدی گەلی كوردستان

## (جینوسایدی كوردی فەیلی)

هەولێر 2 ـ 2023/5/4

# توێژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)


**سەرپەرشتیکردن**

پ. ی . د. سالم جاسم حاجی        پ. د. صلاح محمد سليم

پ. د. نشوان شکری عبدالله        د. ازاد سالم محمد

پ. ی. د. عبدالرحمن كريم دەروێش

- تویژینەوەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
جینۆسایدی گەلی کوردستان (جینوسایدی کوردی فەیلی) (4)
- سەرپەرشتیکردن: پ. ی . د. سالم جاسم حاجی پ. د. صلاح محمد سليم
پ. د. نشوان شکری عبدالله د. ازاد سالم محمد
پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
- دیزاین: ناجی بدل
- ژمارا سپاردنێ: (D-/2714/23)
- مافێ چاپ و بەلاڤکرنێ بۆ زانکۆیا دهۆك - سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ د پاراستینە

https://genocide.krd
info@genocide.krd
/https://www.facebook.com/people/GENOCIDEkrd
009647511101241

سەنتەرێ ڤەکۆلینێن جینوسایدێ / زانکۆیا دهۆك - کومەلگەها زانکۆیێ - جادا
زاخو 38 - ئاڤاهیێ پەرتوکخانا مەلبەندی - قاتێ دووێ.

# توێژینەوەکانی
# کۆنفرانسی زانستیی نێودەولەتیی
# جینۆسایدی گەلی کوردستان
# (جینوسایدی کوردی فەیلی)

# لیژنەی ئامادەکاری

| | |
|---|---|
| پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش | زانکۆی سۆران |
| پ. د. مصطفی صابر عەتار | زانکۆی سەڵاحەددین |
| پ. د. نەشوان شکری عبدلله | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. سیروان جەبار ئەمین زەند | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. میدیا ئیبراهیم فەتاح | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. کارزان عبدالمحسن محمد | زانکۆی سەڵاحەددین |
| پ. ی. د. سالم جاسم | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. خەلیل مصطفی عوسمان | زانکۆی دهۆك |
| پ. ی. د. شاری خالید | زانکۆی سۆران |
| د. ازاد سالم محمد | زانکۆی دهۆك |
| م. ی  ئامانج نەجمەدین عبدالغفور | زانکۆی سەڵاحەددین |
| سامي سالم محمد | زانکۆی دهۆك |

# لیژنەی زانستی


| | |
|---|---|
| پ. د. محمد احسان | کۆلیژی شاهنشاهی\ لەندنی |
| پ. د. مارتن فان برونسن | زانکۆی نیشتیمانی- سنگافورە |
| پ. د. عبدالفتاح بۆتانی | ئەکادیمیای کوردی |
| پ. د. ئیسماعیل قمندار | زانکۆی پاریس جۆسیو- فرنسا |
| پ. د. ئەنطونیو جیرونیمو باریوس | کوستاریکا |
| پ.د. شریفە کلاع | زانکۆی جەزائیر -3 جزائیر |
| پ. د. دیاری صالح مجید | زانکۆی موستەنصریە |
| پ. د. قادر محمد حسن | زانکۆی سەڵاحەددین-هەولێر |
| پ. د. صلاح محمد سلیم | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. مها حسن بکر | زانکۆی سەڵاحەدین- هەولێر |
| پ. د. ناز بدرخان سندی | زانکۆی بەغداد |
| پ. د. صباح عباس جاسم | زانکۆی بوکیکنگهام- لندن |
| پ. د. محمد صبری صالح | زانکۆی دهۆك |
| پ. د. حسین عبد عیسی | زانکۆی سلێمانی |
| پ. د. مارینا چافۆنتاکی | زانکۆی لینکۆڵن- ئینگلترا |
| پ. د. ساڵح ئاکین | زانکۆی ڕوان نۆرمەندی - فەڕەنسا |
| پ. د. ساشا بورژوا ژێرۆندە | زانکۆی پاریس پانتیۆن |
| پ. د. هادی ئومێد فەیلی | زانکۆی ئەمریکی نیودەوڵەتی لە لەندەن |
| پ. د. محمود محمد زاید | زانکۆی ئەزهەر- قاهرە |
| پ. د. دانێلا ئیریرا | زانکۆی کاتانیا- ئیتالیا |
| پ. ی. د. دایان کینگ | زانکۆی کینتاکی |
| پ. ی. د. بەهار بصیر | زانکۆی دوورهایم |
| پ. ی. د. مارکۆ ئەتیلا هۆو | کۆلیژی سەراییبۆ بۆ زانست و تەکنەلۆجیا |
| پ. ی. د. پادریس موسلمزادە تهرانی | زانکۆی مالایا- مالیزیا |
| پ. ی. د. شاخەوان عبداللە دەلۆ | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. هەژار ڕەحیمی | زانکۆی سۆران |
| پ. ی. د. حەبیب ئیبراهیم | زانکۆی رووربوخۆم- ئەڵمانیا |

# پێشەکی

جینۆساید بە دایکی تاوانەکان هەژمار کراوە. تاوانێکە ڕووبەڕووی گروپە مرۆییەکان دەبێتەوە، بە هۆکاری جیاوازەوە لەڕووی نەتەوەیی، ئیتنی، ڕەگەزی یا ئایینییەوە. کەم نین ئەو تاوانانەی لە مێژوودا دژ بە گروپە جیاوازە مرۆییەکان ئەنجام دراون، لە ئاکامیشدا کاریگەری لەسەر چارەنووس و بونیادی کولتوری و بایۆلۆژی و ژینگە و ژیان و ئاکاری بەئامانجگیراوان بەجێ هێشتووە.

گەلی کوردستان یەکێکە لە دێرینترین گەلانی سەر ڕووی زەمین، هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی مێژوودا لەسەر خاکی دێرینی کوردستان جێگیربووە و ژیاوە، گەلێکی دەوڵەمەندە لەڕووی فرە کولتوری و ئایینییەوە. لە دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەشێکی کوردستان بە دەوڵەتی عیراقەوە لکێندرا، گەلی کوردستان لەم بەشە ڕووبەڕووی چەندین تاوانی دژە مرۆیی بووەتەوە کە بە پێی پێوەرەکانی یاسا گەردوونییەکان بەتاوان هەژماردەکرێن، وەك: تاوانەکانی جەنگ، ڕاگواستن، دوژمنکاری، تاوانەکانی دژ بە مافەکانی مرۆڤ و تاوانی جینۆساید، تاد.

یەکێك لەو تاوانانە جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی بوو، کە بەچەندین قۆناغی جیاواز ئەنجامدرا، تا بۆ دواجار لە سەر دەستی بەعسییەکان، بە پێی بەرنامەیەکی ڕێکخراو و بە شێوەیەکی سیستماتیک، برا فەیلییەکانمان لەسەر ماڵ وحاڵی خۆیان دەرکران، ڕەگەزنامەیان لێ سەندرایەوە، بۆ سەر سنووری ئێران و لەخراپترین بارودۆخدا دەرکران و 22 هەزار لاوی کوردی فەیلی تاوەکو ئێستا بێ سەروشوێنکراون، 14 شار وشاروچکەی ناوچەکانی کوردی فەیلی خاپورکران وناوچەکانیان تەعریب کران، ماڵ ومولّکیان دەستی بەسەردا گیرا و کۆڵەگەی خێزانییان هەڵوەشێندرایەوە.

بەشێکی زۆری ئەم تاوانانە لە پایتەختی عیراق، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی عێراقی، هەرێمی و نێودەوڵەتیدا ئەنجامدرا. سەرەڕای تێپەڕبوونی 43 ساڵ بەسەر کۆتا قۆناغی ئەم جینۆسایدە، بەڵام هێشتا ڕێژەیەکی زۆر لە ڕزگاربووان، بێ ڕەگەزنامە ماونەتەوە وماڵ ومولّکیان بۆ نەگەڕێندراوەتەوە، تا ئێستاش بە هەزارانیان دەربەدەری وڵاتانن ولە ئاوارەییدا دەژین، هێشتا چارەنووسی زیاتر لە بیست هەزار کەسی بێ سەروشوێنکراو بە نادیاری ماوەتەوە. دوای ڕوخانی ڕژێمی بەعس ئەم تاوانە لە دادگای باڵای تاوانەکانی عیراق بە جینۆساید ناسێندرا، بەڵام بەداخەوە تا ئێستا نە داوای لێبووردنییان لێکراوە، نە قەرەبووی مادی ومەعنەوی کراونەتەوە و نە ماڵ و مولّکیان بۆ گەڕێندراوەتەوە.

بەپێی تێڕوانینی ئەکادیمی وبەپێی بوارە زانستییە جیاجیاکان، لەلایەن کەسانی پسۆڕەوە، ئەم تاوانە بەشێوەی تاکەکەسی خراوەتە ژێر لێکۆڵینەوە و شرۆڤەکردن و لێکدانەوە، ئەمەش بە سەرەتایەکی گرنگ ودروست دەزانین بۆ دامەزراندنی بواری زانستی جینۆسایدناسی لەکوردستاندا، کوردستانێک کە لەلایەن بەشێک لە جینۆسایدناسان بە مەڵبەندی جینۆساید هەژمار کراوە.

هەر لەم سۆنگەیەوە پرۆژەی ئەنجامدانی ئەم کۆنفراسە لەمیانەی هەستکردن بە بەرپرسیارێتی

مێژوویی وئەخلاقیی و زانستییەوە هەڵقوڵاوە، لە ژێر دروشمی (دەرخستنی ڕاستییەکان بۆ گەیشتن بە دادپەروەری)، ئەم کۆنفرانسە بە میتۆدی زانستی کار بۆ ناساندنی ئەم جینۆسایدە دەکات، بۆ ئەوەی ئەم جۆرە تاوانە ترسناکانە لەبیرنەکرێن وبەوردی هۆکار وپاڵنەر وکاریگەرییەکانی بزانرێت و هەوڵبدرێت بە شێوەیەکی زانستی چارەسەری بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو لەلایەك قوربانییەکان قەرەبووبکرێنەوە وتاوانباران سزا بدرێن و لەلایەکی ترەوە چیتر ئەم جۆرە تاوانانە دووبارەنەبنەوە و ڕوونەدەن.

کاتێك ئەم پرۆژەیە کەوتە بەر دیدی سەرۆکی هێژا (مەسعود بارزانی)، بەو پەڕی پەرۆشییەوە بە پیرییەوە هات وپشتیوانیی خۆی بۆ دەربڕی و بووە هۆکاری سەرەکی سەرکەوتنمان بۆ ئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە هاوبەشەی هەر سێ زانکۆی؛ (سەلاحەدین، دهۆك و سۆران) و بە هاوکاری چەندین زانکۆ و دامەزراوەی زانستی دیکە.

بۆئەنجامدانی ئەم کۆنفرانسە، پەیوەندیمان بە سەدان توێژەر و بیرمەند و کەسانی پسپۆرکرد، بەتایبەت ئەوانەی لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتی کاریان لەسەر جینۆساید کردوە، لەئەنجامدا لەناو سەدان بابەتی پێشکەشکراو لەلایەن کەسانی پسپۆڕ لە بوارە جیاجیاکان و بواری جینۆساید لەسەر ئاستی ناوەخۆ و نێودەوڵەتیدا، (109) بابەتی زانستی لەلایەن لێژنەی زانستی کۆنفرانسەوە ڕەزامەندی بەشداریکردنیان پێدرا، دەیانیتر بەهۆکاری جیاجیای وەك: سنوور و کاتی تەرخانکراو بۆ ناردنی بابەتەکان نەتوانرا لەم کۆنفرانسە بەشداربن.

ئەم پرۆژە ئەکادیمییە بە شەونخونی لیژنەی باڵا، لیژنەی ئامادەکاری هاوبەش، لیژنەی زانستی، لیژنەی راوێژکاری وسەرجەم لیژنەکانی دیکە، وپشتیوانی کەسانی خۆبەخش کە ماندوونەناسانە پشتیوانییان کردووین بۆ سەرکەوتنی ئەم کۆنفرانسە. هیواداریـن ئەنجامی ئەم کۆنفرانسە ببێتە هۆی زیندووکردنەوەی پرسی (جینۆسایدکردنی کوردی فەیلی) وبایەخ پێدانی لە لایەن، لایەنە فەرمی، ئەکادیمی و ڕێکخراوە ناوخۆیی و نێوەدەوڵەتییەکانەوە.

پ. ی. د. عبدالرحمن کریم دەروێش
سەرۆکی لیژنەی ئامادەکاری

# پێرست

1-ژینۆسایدی گەلی کورد لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای لە کەیسی (فرانس فان ئانرات)دا توێژینەوەیەکی شرۆڤەکارانە
**پ. ی. د. عێباد رۆحی ............................................................................. 15**
2-سیاسەتی بە عەرەبکردن لە عێراقدا کوردە فەیلییەکان بە نموونە
**پ. ی. د. ماجد خەلیل فەتاح ..................................................................... 29**
3-کاریگەرییەکانی بەنداوی حەمرین لەسەر تێکدانی شوێنەوارەکانی ناوچە فەیلییەکان
**پ. د. نەرمین علی..........................................................................................79**
4-فاکتەر و جێکەوتەکانی جینۆسایدی کوردانی فەیلی لەقەزای خانەقین
**م. ی. هێمن نصرالدین محمد امین - پ. ی. د. یاسین ئاشور جوهر .......................... 115**
5-رۆڵی راگەیاندن لە ناساندنی کۆمەڵکوژی کوردە فەیلییەکاندا، توێژینەوەیەکی مەیدانیە
**د. ئەکرەم فەرەیدون حەمەئەمین .............................................................. 145**
6-ئاستی بایەخپێدانی میدیای کوردی بە جینۆسایدی فەیلییەکان لە عێراقدا (توێژینەوەیەکی مەیدانییە)
**م. ی. دەشتی عەلی ڕەشید - پ. ی. د. یادگار عەلی محەمەد ................................ 173**
7-واقعی ژیانی کوردە فەیلییەکان لە سایەی بەعسدا لە نێوان 1979 - 1991 لێکۆڵینەویەکە لە مێژووی زارەکی
**پ. د. سامان حسێن ئەحمەد ..................................................................... 197**
8-ئەدەب وەک بیردانکا گەلان، کارتێکرنا بلیمەتێن کوردێن فەیلی ل سەر ڕەوشەنبیرییا کوردی
**انتصار نجیب جوقی - نفل صالح اسلام ........................................................ 233**
9-ڕۆمانا (بەندەر فەیلی) وەکو نموونە
**م. شمال خمو خضر ................................................................................ 303**
10-سیاسەتی میدیایی و پرۆپاگەندەیی رژێمی عێراق لەجینۆسایدکردنی کوردانی فەیلی
**د. شیلان یاسین خضر ............................................................................. 335**
11-ژیان دوای جینۆساید: توێژینەوەیەکی سایکۆلۆژییە لەبارەی کوردانی فەیلی
**خەلیل سەلیم ....................................................................................... 363**
12-ڕەنگدانەوەی ڕووداوەکانی جینۆساید لە فیلمی دۆکیومێنتاری کوردیدا (جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان بە نموونە)
**پ. ی. د. ژیلوان طاهر باپیر ....................................................................... 383**

13-ڕۆڵی دادگای نیشتیمانی لە بەدیهێنانی دادپەروەری لە جینۆسایدی کوردی فەیلی
**م. سروشت سەربەست قاسم ............................................................................... 397**
14-پێوانەی شڵەژانی لێکترازانی ناسنامە لای کوردانی فەیلی لە هەرێمی کوردستان
**م. هیوا عبدالعزیز جمیل - کاروان کاکەبرا کاکەمەد ........................................................... 417**
15-جینۆسایدی کوردە فەیلییەکان لە عێراق دا لە نێوان ساڵانی1990-1980
لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی شیکاریی بەراوردکارییە
**م. ی. سۆزان کریم صالح ............................................................................... 439**
ڕاسپاردەکانی کۆنفرانسی زانستیی نێودەوڵەتیی جینۆسایدی گەلی کوردستان
**(جینۆسایدی کوردی فەیلی) ............................................................................... 469**

# ژینۆسایدی گەلی کورد
# لە ژێر تیشکی بڕیاری دادگەی ناوخۆیی لاهای
# لە کەیسی (فرانس فان ئانرات)دا
# توێژینەوەیەکی شرۆڤەکارانە

**د. عێباد ڕۆحی. پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە یاسای نێونەتەوەیی**
**بەشی یاسا، لقی سنە، زانکۆی ئازادی ئیسلامی، سنە، ئێران**
**ئەندامی دەستەی بەڕێوەبەرانی ناوەندی کوردستان**
**بۆ یاسای نێودەوڵەتی (ئەڵمانیا-کوردستان)**
**ibadruhi@gmail.com**

**پوختە:**

دادگەی ناوخۆیی شاری لاهای وەکوو دادگایەکی نیشتمانی دەوڵەتی هۆڵەندا لە ڕۆژی 18 مانگی ئاڤریلی 2005 دەستی کرد بە لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی خۆی سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە خرابوونە پاڵ کەسێک بە ناوی (فرانس فان ئانرات) کە گوایە لە مەودای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا لە تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمەڵکوژی گلاوە. دادگا بە پشتبەستن بە ڕووداوەکان و ئەو فاکت و داکەوتانەی لەبەردەستیدا بوون و لەسەر بنەمای یاسای نێونەتەوەیی و هەروەها پەیماننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی کۆمکوژی 1948ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیسەلمێنێت کە گەلی کورد کۆمکوژ کراوە. لە حوکمی دادگا باس لەوە کراوە کە تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمکوژی لە هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا بەتایبەت بەرانبەر بە گەلی کورد ڕوویداوە. بڕیاری کۆتایی بەشی تاوانکاری دادگای لاهای هەندێک ڕەهەندی جێ¬سەرنجی تێدایە. بۆ یەکەمجار دادگایەکی نیشتمانی دەوڵەتێک دان بە ژینۆسایدی گەلی کورددا دەنێت. بۆیە ئەم وتارە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە کە دادگای لاهای پشت بە چ بنەما و فاکتێک دەبەستێت بۆ پێناسەکردنی ژینۆسایدی گەلی کورد و خاڵە گرینگەکانی بڕیاری ئەو دادگایە چین کە دەکرێت کورد وەکوو بەڵگەیەکی یاسایی بەکاریانبێنێت. بڕیارەکە باسی جیاوازی هێزە کوردیە دژبەرەکانی سەددام لەگەڵ گرووپی تێرۆریستی دەکات و هەندێک پێوەری یاسایی ئەخاتە بەرچاو بۆ جیاوازی نێوان ئەم دوو هێزە. هێزە کوردیەکان بە ڕزگاریخواز و بەرهەڵستکار و بەرخۆدێر ناو دەبات و پێوەری یاسایی دەخاتەبەرچاو بۆ ئەم مژارانە.

**وشە سەرەکییەکان:**
ژینۆساید، فرانس فان ئانرات، تاوانی شەڕ، کیمیاباران، هەڵەبجە، سەردەشت

**1- پێشەکی**

بەشی تاوانکاری دادگەی پارێزگای لاهای لە وڵاتی هۆڵەند کە یەکێکە لەدادگا ناوخۆییەکانی ئەو وڵاتە، سەبارەت بە بریندااران و بەرکەوتوانی چەکی کیمیایی لە ساڵەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراقدا لە 18ی ئاپریلی 2005 بە دەرکردنی تۆمەتنامەیەک بازرگانێکی هۆڵەندی بە ناوی (فرانس فان ئانرات) تۆمەتباردەکات بە ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکۆژی و تاوانی جەنگ. ناوبراو لەو کاتەدا لە وڵاتی ئیتاڵیا لە بەر تاوانێکی دیکە لە گرتووخانەدا دەبێت. داواکاری گشتی ناوچەی لاهای داوای رادەستکردنەوەی دەکات. لە سەر ئەساسی ئەم داوایە فرانس فان ئانرات رادەستی دادگەی لاهای دەکرێتەوە و وەکوو دادگەیەکی نیشتمانی دادگاییکردنی تۆمەتبار دەستپێدەکات. دادگەی شاری لاهای دەستی کرد بەدواداچون و لێکۆڵینەوە سەرەتاییەکانی خۆی سەبارەت بەو تۆمەتانەی کە خرابوونە پاڵ کەسێک بە ناوی (فرانس فان ئانرات) کە گوایە ناوبراو لە مەودای شەڕی هەشت ساڵەی نێوان عێراق و ئێراندا لە تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمەڵکوژی گلاوە. لە کۆتاییدا پاش دادگاییکردنی ناوبراو و سەلماندنی تاوانەکانی لە بەرواری 23 دێسەمبری 2005 بە هۆی دابین کردنی مادده و ماکی خاو و سەرەتایی بۆ سازکردنی بۆمبی کیمیاوی لە لایەن رێژیمی بەعسی لەناوچوو مەحکوومکرا و تۆمەتەکانی پشتڕاسکرانەوە و وەکوو تاوانبار ناسێندرا. لە پێشدا تۆمەتی تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمکوژی واتە ژینۆساید خرابوونە پاڵی بەڵام پاش دادگاییکردنی، تەنیا تاوانی شەڕی بە سەردا شکایەوە، ئەگەرچی دادگا بە پشتبەستن بە ڕووداوەکان و ئەو فاکت و داکەوتانەی لەبەردەستیدا بوون و لەسەر بنەمای یاسای نێونەتەوەیی و هەروەها پەیماننامەی رێگریکردن و سزادانی تاوانی کۆمکوژی 1948ی نەتەوەیەکگرتووەکان دەیسەلمێنێت کە گەلی کورد کۆمکوژ کراوە، بەڵام ئەم تاوانە بە سەر (فرانس ڤان ئانرات)دا ساغ نابێتەوە. لە حوکمی دادگا باس لەوە کراوە کە تاوانی شەڕ و تاوانی کۆمکوژی لە هەر دوو وڵاتی ئێران و عێراقدا بەتایبەت بەرانبەر بە گەلی کورد روویداوە.

فرانس فان ئانرات بە درێژایی ساڵەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەستیداوەتە دابینکردنی کەرەستەی سەرەتایی و ماددەی خاو بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی بۆ حکومەتی ئەو کاتەی عێراق. دادگە لە تۆمەتنامەکەی خۆیدا ئاماژە بەوەدەکات کە پشتبەستن بە ماددەکانی 48 و 57 لە کۆمەڵە یاسای تاوانکاری و ماددەی 8 لە یاسای تاوانکاری سەردەمی شەڕ، بە روونی بۆمان دەرکەوتووە کە تۆمەتبار بە ئەنقەست و بە مەبەستی بەدەستهێنانی سوود و قازانجی ماددی، بە شێوەیەکی بنەڕەتی هەستاوە یارمەتیدان بە بەرنامە و پرۆژەی چەکی کیمیایی لە عێراقدا لە ساڵەکانی 80ی سەدەی رابردوودا. ئەم یارمەتیدانە دەرفەتی ئەوەی رەخساندووە کە هێرشی بەربڵاو بە گازی خەردەل بکرێتە سەر هاووڵاتیانی بێدیفاع و ئاسانکاری بۆ ئەم هێرشانە کراوە. ئەم هێرشانە تاوانی قورسی شەڕ ئەژماردەکرێن. دادگە فرانس فان ئانرات تۆمەتبار دەکات بە تێوەگلان لە کۆمکوژی و تاوانی شەڕ. لە کۆتاییدا دادگە دەگات بەو بڕیارەی کە ناوبراو لە تاوانی شەڕدا بەشداربووە، بەڵام لە تاوانی کۆمکوژی بێبەریدەکرێت.

بڕیاری کۆتایی بەشی تاوانکاری دادگای لاهای هەندێک رەهەندی تێدایە کە بۆ یەکەم جارە لە

دادگایەکی نیشتمانی و ناوخۆیی وڵاتێکدا باسی لێوەدەکرێت و بە بڕوای نووسەر داهێنانێکی بەنرخ و جێ سەرنجە و بە گشتی بۆ سەرجەم ئەو کەسانەی کە زەرەرمەندی هێرشە کیمیاویەکانی ڕێژیمی (بەعس)ن و بۆ گەلی کورد گرینگی خۆی هەیە. بۆ یەکەمجار دادگایەکی نیشتمانی دەوڵەتێک دان بە ژینۆسایدی گەلی کورددا دەنێت و بە لێکدانەوەی ئەو کردارانەی بەرانبەر بە گەلی کورد کراوە رادەگەیەنێت کە کورد وەکوو گرووپێکی نەتەوی لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە بە مەبەستی لەناوبردن و پاکتاوکردن کەوتووتەبەر هێرش و پەلاماردان. بۆیە ئەم وتارە لەم بابەتە دەکۆڵێتەوە کە دادگای لاهای پشت بە چ ئەساس و بنەما و فاکتێک دەبەستێت بۆ پێناسەکردنی ژینۆسایدی گەلی کورد و خاڵە گرینگەکانی بڕیاری ئەو دادگایە چین کە دەکرێت کورد جەختیان لەسەربکاتەوە و وەکوو بەڵگەیەکی یاسایی بەکاریانبێنێت. لەگەڵ پێناسەکردنی ژینۆسایدی گەلی کورد لەلایەن ئەم دادگایەوە، بڕیارەکە باسی جیاوازی هێزە کوردیە دژبەرەکانی سەددام لە گەڵ گرووپ و تاقم و دەستەی ئاژاوەگێڕ و هێزی تێکدەر و تیرۆریستی دەکات و هەندێک پێوەری یاسایی ئەخاتە بەرچاو بۆ جیاوازی لە نێوان ئەم دوو هێزە. هێزە کوردیەکان بە رزگاریخواز و بەرهەڵستکار و خۆڕاگر و بەرخۆدێر ناو دەبات و پێوەری یاسایی دەخاتەبەرچاو بۆ ئەم مژارانە. هەموو ئەم بابەتانە لە بڕیاری دادگاکەدا لە روانینی یاسای نێونەتەوەییەوە لێکدراوەتەوە و باسی دەسکەوتەکانی داگاکە ئەکرێت و لایەنە گرینگەکانی بڕیاری دادگا ئەخرێتە بەرچاو کە کەمتر ئاوڕی لێدراوەتەوە.

**2- تۆمەتەکانی تۆمەتبار**

دادگە لە سەرەتادا تێوەگلان لە دوو تاوان وەکوو تۆمەت ئاراستەی تۆمەتبار دەکات. هەر دوو تاوان، لە تاوانە قورسە نێودەوڵەتییەکانن کە ئەکەونە بەر شیانی جیهانی دادگەکان. تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی شەڕ کە لە ماددەی 5ی دەستوورنامەی دادگەی تاوانکاری نێونەتەوەییدا لە گەڵ تاوان دژی مرۆڤایەتی و تاوانی دوژمنکاری مژاری شیانی دادگەی توانکاری نێونەتەوەیین. ئەم تۆمەتانە بە پێی بڕگەی ئەلفی ماددەی 314 لە یاسای دادبینی تاوانکاری هۆڵەند دەستنیشانکرابوون و بۆ ساڵەکانی 1980 تا 1988 باسیان لێکرابوو. فرانس فان ئانرات تۆمەتباردەکرێت بە پێشێلکردنی یاساکانی هۆڵەند تایبەت بە کاتی شەڕی چەکداری، یاسای مرۆڤدۆستانەی نێونەتەوەیی لە پەیماننامە و باوە یاساییە نێونەتەوەییەکاندا و هەروەها پێشێلکردنی پەیماننامەی 1948ی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان تایبەت بە ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی کۆمەڵکوژی.

**3- بنەماکانی شیانی دادگە**

بە پێی یاساکانی هۆڵەندا ئەنجامدانی تاوانی کۆمەڵکوژی و تاوانەکانی شەڕ، لەو تاوانەن کە کات و شوێن نایانگرێتەوە و دادگاکانی ئەو دەوڵەتە شیانی ئەوەیان هەیە بە بێ لەبەرچاوگرتنی کات و شوێنی ڕوودانی تاوانەکە لێپێچینەوەوەی بۆ بکەن. بە واتایەکیتر گرێدراوی کات و شوێن نین و لە هەموو کات و شوێنێکدا بە تاوانی قورس ئەژماردەکرێن. سەرەڕای ئەم بابەتە، ئەو تۆمەتانە ئاراستەی کەسێک کراون کە هاووڵاتی هۆڵەندییە و بە پێی ماددەی 5ی یاسای دادبینی تاوانکاری هۆڵەند دەکرێت لێپێچینەوەی لەگەڵدا بکرێت و دادگاییبکرێت. بە پێی ماددەی 2ی هەمان یاسا و رێساکانی تایبەت بە شیانی دادوەری

لە یاسای تاوانە نێودەوڵەتییەکاندا، دادگەکانی هۆڵەند شیانی دادگاییکردنیان هەیە. دادگە رادەگەینێ کە ئەوەی کە توانەکان تاوانی نێودەوڵەتین شتێک لە راستییەکان ناگۆڕێت. دادگە سەرەڕای هەبوونی شیانی نیشتمانی، هەندێکجار خۆی بۆ لای شیانی جیهانی رادەکێشێت.

### 4- یاسای بەرکار

لە کەیسی فرانس فان ئانراتدا دادگەی لاهای لەگەڵ تێکەڵەیەک لە یاسای نێوخۆیی و یاسای نێونەتەوەیی رووبەڕوودەبێتەوە. لەم کەیسەدا دادگە پشت بە یاسای نێوخۆیی و یاسای نێونەتەوەیی دەبەستێت. یاسای نێوخۆیی هۆڵەندا تایبەت بە کاتی شەڕی چەکداری و یاسای پەیماننامەیی و باوی مرۆڤدۆستانەی نێونەتەوەیی و هەروەها قەدەغەبوونی ژینۆساید دەبەستێت. دادگە پاش بیستنی وتەکانی چاوەرەکان و بەرگری تۆمەتبار و پارێزەرەکانی، روودانی تاوانەکانی شەڕ و کۆمەڵکوژی بۆ یەکلادەبێتەوە. بە مەبەستی سەلماندنی روودانی ئەم تاوانانە، بەڵێنە نێودەوڵەتییەکانی هۆڵەندا و باو و پەیمانانەمە نێودەوڵەتییەکان و هەروەها یاسا نێوخۆییەکانی هۆڵەند بە بنەمادەگرێت.

بۆ لێکدانەوەی تایبەتمەندی تاوان و پێناسەکردن و دەستنیشانکردنی سنووری بەرپرسیاریەتی بەپێی یاسای تاوانکاری، دادگای هۆڵەندا دەبێت لەم بوارەدا بە ئاراستەی یاسای نیونەتەوەییدا هەنگاوبنێت. وەکوو ئەوەی کە لە ماددەی 9 بنەڕەتنامەی دادگای تاوانکاری نێونەتەوەییدا هاتووە و پێکهێنەرەکان یان روکنەکانی تاوان دەبێت وەکوو ئامرازێک بۆ شرۆڤەکردنی تاوانەکان کەڵکیان لێوەربگیرێت.

لە کۆتاییدا سەبارەت بە یاسای بەرکار و ئەگەری ناتەبابوون یان بەریەککەوتنی یاساکان لە نێوان یاسای ناوخۆیی و یاسای نێونەتەوەییدا دادگا دەگات بەوەی کە دەبیت یاسای نیونەتەوەیی پێشبخریت و بەرکاربێت.

### 5- پێناسەی دادگە بۆ تاوانی ژینۆساید

ژینۆساید بریتییە لە کوشتنی بە ئەنقەست، لەناوبردن، پاکتاوکردن و قڕکردنی گرووپێک یان ئەندامانی ئەو گرووپە. لە سەرەتادا ئەم تاوانە بە بەشێک لە تاوان دژی مرۆڤایەتی ئەژماردەکرا. ژینۆساید یان کۆمکوژی لە بەڵگەنامە نێونەتەوەییەکان و لە دەستووری دادگەی تاوانکاری نێونەتەوەییدا باسی لێوەکراوە و ماددەی 2ی پەیماننامەی ژینۆساید و ماددەی 6ی ئەم دادگایەدا بەم شێوە باسی ئەم تاوانەیان کردووە:

مەبەست لە کۆمکوژی هەر کام لەم کردەوانەی خوارەوەیە کە بە (مەبەستی لە ناوبردن)ی هەموو یان بەشێک لە گرووپێکی نەتەوی، ئەتنیکی، ڕەچەڵەکی یان ئایینی جێبەجێ دەکرێت:

1. کوشتنی ئەندامانی گرووپ یان دەستە
2. زیانگەیاندنی قورسی جەستەیی و گیانی بە ئەندامانی دەستە
3. خستنە ناو دۆخێکی نالەباری ژیانەوە کە لە ناوچوونی هێزی لەش و جەستەی بە گشتی یان بە وردی لێ بکەوێتەوە.
4. سەپاندنی کردەوەگەلێک بە مەبەستی پێشگرتن لە زاووزێ دەستە
5. گواستنەوەی زۆرەملی منداڵان لە دەستەیەکەوە بۆ دەستەیەکی دیکە

ئەم تاوانە بۆ یەکەم جار لە لایەن (رافائێل لێمکین) یاساناسی لەهێستانی لە ساڵی 1933 دا هاتەئاراوە و هەر بۆ خۆی لە ساڵی 1945 دا هێنایە ناو وێژەی یاساییەوە دواتر لە ساڵی 1948 لە پەیماننامەی قەدەغە و سزادانی تاوانی کۆمکوژی لە لایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە ناسێندرا و تاوەکوو ئەمڕۆ وەکوو مەترسیدارترین و قێزەونترین تاوانی ناونەتەوەیی ناوزەدکراوە و بە تاوانی تاوانەکان دەیناسێنن. روکنی یاسایی تاوانی ژینۆساید لە یاسایی نێونەتەوەییدا لە سەر بنەمای پەیماننامەی ژینۆساید پێناسەدەکرێت کە بەپێی راگەیندراوی دادگەی دادی نێونەتەوەیی و دادگە تاوانکارییە تایبەتەکان، وەکوو یاسای باوی نێونەتەوەیی و تەنانەت رێسا فەرماندەرەکان خاوەن پێگەی یاساییە. ژینۆساید تاوانی تاوانەکانە و لە دادگای تاوانکاری تایبەت بە رۆواندا لە کەیسەکانی (کامبادا) و (کایشما و رۆزیندا) ئەم راستییە لە لایەن دادگاوە پشتڕاستکراوەتەوە. لە تاوانی ژینۆسایددا، تاوانلێکراو یان قوربانی، تاکەکەس نیە بەڵکوو گرووپە. ئەوە راستییەکە کە لەناوبردنی گرووپ لە رێگای کوشتن و قڕکردنی ئەندامانی گرووپەکەوە مسۆگەردەبیت بەڵام ئەگەر تاوانکار تەنیا بەمەبەستی کوشتن و لەناوبردنی کەسیک یان چەند کەس، کەسەکان بکوژێت بەبێلەبەرچاوگرتنی ئەوەی کە ئەندامی گرووپێکن و لەبەر ئەندامەتی لەو گرووپە نەکرابێتنە ئامانج، ئەوا ناکریت بە تاوانی ژینۆساید مەحکوم بکرێت. تەنانەت ئەگەر دەستنیشانکردنی قوربانییەکان لەبەر هۆکاری ئەندامبوونیان لە گروپێکی رەچەڵەکی، ئایینی یان نەتەوە و ئەتنیکێکی تایبەتدا بێت. لەم حاڵەتەدا دەبێت بە تاوانی (لێپێچینەوە و ئازاردان) ئەژماربکرێت.

دادگەی لاهای باس لەوە دەکات کە کردەوەکانی بکەرەکان کە پێکدێن لە بەرپرسانی رێژیمی بەعس و (فرانس فان ئانرات)، لە گەڵ کردەوەکانی ناو پەیماننامەی کۆمکوژی دەخوێنێتەوە و وەکوو یەکن؛ واتا، کوشتنی رێبەران و سەرۆکەکانی دەستەیەک و لێدانی زام و برینی قورسی جەستەیی و گیانی لە ئەندامانی دەستە.

دادگە بە پێی پەیماننامەی کۆمکوژی ئەم مژارە دەخاتە بەرباس کە کۆمکوژی کاتێک روودەدات کە کردارێک راشکاوانە و بەمەبەسەتی لەناوبردنی گشت یان بەشێک لە دەستەیەک یان تاقمێکی تایبەت جێبەجێبکرێت. دادگە ئاماژە بە هەندێک پێوەر دەکات بۆ ناسینی تاقمێکی تایبەت وەکوو دەستەیەک کە دەبێت بپارێزرێن و دەڵێ ئەو دەستەیەی کە بوونەتە قوربانی دەبێ هەڵگری ئەو پێوەرە بن و ئەگەر وا بێت دەبێت پارێزراوبن.

دادگە لە درێژەی دادگاییکردنەکەدا رادەگەینێ کە کرداری بکەران کە بەرپرسانی رێژیمی بەعس و فرانس فان ئانراتیش لە خۆدەگرێ لە گەڵ ئەو کردارانەی کە لە پەیماننامەی ژینۆسایددا هاتوون یەکدەگرنەوە؛ واتا، کوشتنی رێبەرانی گرووپی خاوەن پارێزبەندی و زیانگەیاندنی قورسی گیانی بە ئەندامانی گرووپ. دادگە هەروەها باس لەوەدەکات کە ژینۆساید تەنیا کاتێک روودەدات کە کردارێک لە راستیدا بە مەبەست و بە خواستی لەناوبردنی هەموو یان بەشێک لە گرووپی خاوەن پارێزبەندی ئەنجامبدرێت. لێرەدا دادگە ئاماژە بە کۆمەڵێک پێوەری دیاریکراو دەکات و لە سەر بنەمای ئەو پێوەرانە گرووپی قوربانی وەکوو گرووپی خاوەن پارێزبەندی پێناسەدەکات. یانێ گرووپێک کە هەڵگری ناسنامەیەکی تایبەتن. دادگە بە پشتبەستن بەو پێوەرانە سەبارەت بە گرووپی قوربانی یانێ گرووپی خاوەن پارێزبەندی وەکوو (کورد) رادەگەینێ کە هەبوونی ئەم خاڵانەی خوارەوە پێویستن:

1. ئەندامانی دەستەکە زمان و چاندی هاوبەشیان هەبووە؛
2. یان ئەندامانی دەستەکە خۆیان بە گرووپێکی نەتەویی بزانن؛
3. کەسانی دیکە، بە تایبەت بکەرانی تاوانی کۆمکوژی، گرووپەکە بە گرووپێکی نەتەوی بزانن.

لە سەر ئەو بنەمایە دادگە رادەگەینێ بە شێویەکی راشکاو و باوڕپێکراو و ئەرخایەن سەلمێندراوە کە جەماوەر و حەشیمەتی کوردەکان ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوەیان هەیە کە لە پەیماننامەی کۆمکوژیدا ئاماژەی پێکراوە. بۆیە دادگە بە لەبەرچاوگرتنی قورسایی و قووڵی کارەساتەکە و هەروەها بەربڵاوی تاوانەکە و هەژماری کوژراو و بریندارەکان و هتد... رادەگەینێ کە کوردەکان لە عێراق کۆمەڵکوژکراون. سەبارەت بە هەڵەبجە و سەردەشت و گوند و ناوچە کوردییە سنووریەکان و بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی دەڵێ: ناکرێ هیچ مەبەستێکی دیکە بێجگە کۆمکوژی بۆ کردەوەکانی دەوڵەتی عێراق بوونی هەبێت. هەروەها دادگە شتێکی سەیرتر باسدەکات و رادەگەینێ کە تێرۆری سیاسی سیستەماتیک و رێکخراو دژی کوردان روویداوە.

دادگەکە رادەگەینێ کە بەئەنقەست ئەو کردەوانەی کە لە ماددەی 2ی پەیماننامەی ژینۆساید و ماددەکانی 1-1 تاوەکوو 5-4 پەیمانامەی ئاکارەکی کۆمکوژیدا هاتووە رووياندااوە و ئەو کردەوانە بەرانبەر بە گرووپێک کراوە یان بەشێک لە گرووپەکە کراوە کە بەپێی پەیماننامەی ژینۆسایدخوەن پارێزبەندین. ئەو کردەوانەش بە ئامانج و لە سەر ئەساسی خواستی لە ناوبردنی گرووپەکە روویانداوە.

بایەخی ئەم بەشەی بڕیاری دادگە لەوەدایە کە بۆ یەکەمجارە دادگەیەک لە وڵاتێکی بیانیدا باسی کۆمەڵکوژی کورد دەکات. ئەمە لە حاڵێکدابوو کە دادگەی باڵای تاوانەکانی عێراق تەنانەت بە یەک وشەش قەت باسی نەکرد. بۆ ئەوەی کورد وەکوو نەتەوە و دەستەیەکی نەتەوی بناسێندرێ باسی زمان و چاندی هاوبەش و ویستی خۆیان بۆ خۆ بەنەتەوەزانین و هەروەها بە نەتەوە ناسینیان لە لایەن کەسانی دیکە و بە تایبەت لە لایەن بکەرانی تاوانی کۆمکوژی دەکات.

دادگە بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە بکەرانی تاوان ویستی تایبەتی لەناوبردن و سڕینەوە و پاکتاوکردنی نەتەوەی کوردی وەکوو گرووپی خاوەن پارێزبەندی هەبووە، کۆمەڵێک پێوەری دیاریکراوی راشکاو لەبەرچاوەدەگرێت. ئەم پێوەرانە لە نەبوونی دانپێدانانی راستەوخۆ و راشکاوانەی بکەری تاواندا لە رووی ئەو دۆخ و هەلوومەرجەی کە تاوانەکە تێیدا روویداوە دەستنیشاندەکرێت. بە مەبەستی سەلماندنی هەبوونی ویستی لە ناوبردن و قەڵاچۆکردن و مسۆگەربوونی ژینۆساید بەپێی رێچکەی دادوەری تاوانکاری نێونەتەوەیی، ئەم خاڵانەی خوارەوە رۆڵی سەرەکییان دەبێت:

- چوارچێوە و بەستێنێکی گشتی کە رووداوەکان تێیدا روویانداوە؛
- دۆخێک یان رەوشێک کە گرووپی خاوەن پارێزبەندی بە شێوەی رێکخراو و سیستەماتێک تێیدا بە نایاسایی بوونەتە قوربانی؛
- بەربڵاوی تاوانە کراوەکان؛
- بەربەرەکانێ و رووبەڕووبوونەوەی سیستەماتیک و رێکخراو لە گەڵ قوربانییەکاندا بە هۆی ئەندامبوونیان لە گرووپێکی دیاریکراودا؛
- ژمارەی قوربانییەکان؛

- شێوازی ئەنجامدانی تاوانەکە؛
- هەرێمێک کە بکەرانی تاوان تێیدا چالاک بوون؛
- ویستی ئاشکرای بکەرەنی تاوان بۆ کوشتنی قوربانییەکان؛
- قورسایی ئۆپەراسیۆن و شاڵاوی کۆمەڵکوژی؛
- رێژە و چەندبارەبوونەوەی کردەوەکان لە شاڵاوی کۆمەڵکوژی لە ناوچیەکی تایبەتدا؛
- چوارچێوە و بەستێنی سیاسەتێکی گشتی کە تێیدا تاوانەکان روویانداوە؛
- وتەکانی بکەری تاوان سەبارەت بە چارەنووسی قوربانیان و گرووپی خاوەن پارێزبەندی.

دادگەکە بۆ ئەوەی بتوانێ بیسەلمێنێ کە ویستی تایبەت بۆ لەناوبردنی نەتەوەی کورد لەئارادا بووە بە جۆرێک پەنا ئەباتە بەر رێچکەی دادوەری دادگە نێونەتەوەییەکان وەکوو ئەوەی کە لقی سەرەتایی و پێداچوونەوە لە دادگەی نێونەتەوەیی تاوانکاری تایبەت بە یۆگسلاڤیا بۆ سەلماندنی ویستی لەناوبردنی قوربانەکان لە لایەن تاوانکارەکانەوە پشتیپێدەبەستن.

ئەو بابەتانەی کە دادگە بۆ سەلماندنی تاوانی ژینۆساید بەرابەر گەلی کورد جەختیان لەسەردەکات بە جۆرێک پشتبەستن و پابەندبوونە بە رێچکەی دادوەری دادگاکانی دیکە. لە کەیسی (ئاکائیسۆ)دا داگەی تایبەتی رۆواندا رادەگەینێ کە دەرپەڕاندنی و کۆچپێکردنی پلان بۆدارێژراوی گرووپی قوربانی لە لایەن تاوانکارانەوە وەکوو یەکێک لەو کردەوانە پێناسەدەکرێت کە (خستنە ناو دۆخێکی نالەباری ژیان کە لە کۆتاییدا ببێتە هۆی لەناوچوونی فیزیکی هەموو یان بەشێک لە گرووپەکە) لەخۆدەگرێت و بە مانی روودانی ژینۆساید ئەژماردەکرێت. داواکاری گشتی لە دادگەی نێونەتەوەیی تاوانکاری تایبەت بە یۆگسلاڤیا  لە دووتۆی تۆمەتنامەکەدا کە دژ بە (رادوان کارادزیج) و (راتکۆ مێلادیچ) ئاراستەکرابوو ئەو تۆمەتانە ئەخاتەبەرباس کە دەپەڕاندنی سەدان هەزار مۆسڵمانی بۆسنیایی لە نێوان ساڵەکانی 1992 بۆ 1993 و هەستان بە پاکتاوی ئەتنیکی لە ناوچەکانی خۆرهەڵاتی بۆسنیا، کراجینا و سێربرێنیتسا تێیدا روویانداوە. داواکاری گشتی ئەم کردەوانە وەکوو ژینۆساید دژی مۆسڵمانەکانی بۆسنیا پێناسەدەکات. ئەم مژارانە لە بۆچوونەکانی دادوەرەکانی دادگەی شاری لاهای و بڕیاری دادگەدا بە روونی رەنگیداوەتەوە. بۆیە دادگەکە ئەو راستییانە لەبەرچاودەگرێت کە کۆی تاوانە یەک لەدوای یەکەکان بەرانبەر بە گرووۆی بەتەوەیی کورد لە عێراقدا بە درێژی ساڵانێکی زۆر روویانداوە.

دادگە بە ئاماژەدان بەو خاڵانەی سەرەوە و هەروەها هەڵاوردن و سەرکوتکاری سیستەماتیک دژی گرووپی کورد و شەڕی توندوتیژی عێراق لە گەڵ کوردەکان لە هەر بڕگەیەکی زەمەنیدا، رادەگەینێ کە دادگە ناتوانێ بێجگە ژینۆساید بە بابەتێکیتر راڤەی بکات. دەکرێت بۆ سەلماندنی ئەم مژارە بە توندوتیژی سەرکوتکاری بەربڵاو، تەعریب و عەرەباندنی ناوچە کوردییەکان، پاکتاوکردن و شوێنبزرکردن لە ئاستێکی بەربڵاودا، ئیعدامی سەرەڕۆیانە بێدادگاییکردن، هێرشی سەرگوندەکان و خاپوورکردنیان، بەکارهێنانی چەکی کیمیایی و قەڵاچۆکردن و پاکتاوکردنی گشتی لە شاڵاوی ئەنفالدا بەڵگاندنی بۆ بکرێت.

دادگە سەبارەت بە بابەتی هەڵەبجە و سەردەشت و گوند و ناوچە سنوورییەکان کە بەر چەکی کیمیایی کەوتن و هەموویان کوردن بابەتەکە وا شرۆڤەدەکات کە هیچ تاوانێکی دیکە کە کردەوەکانی دەوڵەتی عێراقدا بێجگە ژینۆساید ناخوێندرێتەوە. دادگە بڕیارەکەی خۆی لە سەر ئەم خاڵانەی خوارەوە

پتەو و پشتئەستووردەکات:

- هەبوونی چوارچێوەیەکی گشتی بۆ سەرکوتکاری سیستەماتیکی گرووپی جەماوەری کورد؛

- زۆربوونی ژمارەی قوربانیانی کورد، کە داگە لەو باوەڕەدایە بە دڵنیاییەوە ژمارەی قوربانیان دەیان هەزار کەس تێدەپەڕێنێ کە لە ئاکامی هێش و ئێعدامی بەکۆمەڵدا روویانداوە؛

- بەکارهێنانی بەربڵاوی چەکە کیمیاوییەکان دژی گرووپی جەماوەری کورد کە لە بەر تایبەتمەندی ئەم جۆرە چەکانە لە کاتی بەکارهێنانیاندا نەکرێت هیچ جیاوازییەک لە نێوان کەسانی مەدەنی و عەسکەریدا بکەن، ئەم چەکانە بێجگە لەوەی زیانێکی زۆر گەورەی لە دانیشتوان داوە، بەلکو بوونەتە هۆی تۆقین و ترساندنی خەڵک و وایکردووە کە شار و گوندەکان جیگای ژیان نەبێت و چۆڵبکرێت؛

- خاپوورکردن و لەناوبردنی بەربڵاوی گوندە کوردییەکان و دواتر دەرپەڕاندنی خەڵکی مەدەنی؛

- وتە و قسەکانی نوێنەرانی رێژیمی بەعس بە تایبەت عەلی حەسەن ئەلمەجید کە سەلمێنەر و نیشاندەری سووکایەتی بە گرووپی جەماوەری کوردە.

لە سەر بنەمای ئەو داکەوت و فاکتانەی سەرەوە دادگە دەگات بەو بڕوایەی کە سەرجەم هێرشەکان بە مەبەست و ویست و خواستی ژینۆساید روویانداوە. هەروەها دەڵێت کە تیرۆری سیاسی دژی گەلی کورد روویداوە. دادگە بڕاوی وایە کە ویستی لەناوبردنی کورد بە تەنیا نیشانسەری ئەو راستییەیە کە بکەری تاوان، یەک بە یەکی قوربانییەکانی تەنیا لە بەر ئەندامبوونیان لە گرووپی خاوەن پارێزبەندیدا کردووتە ئامانج و کوشتن و سووکایەتی و بەدرەوشتی لە گەڵ ئەندامانی ئەو گرووپە لە راستیدا نیشاندەری ویستی لەناوبردنی گرووپەکەیە. ئەم بۆچوونەی دادگە لێرەدا پشت بە رێچکەی دادوەری دادگە نێونەتەوەییەکانی دیکە دەبەستێت.

دادگە، سەرەڕای ئەوەی کە دەسەلمێنی کورد ژینۆسایدکراوە و سەددام حسێن وەکوو حاکمی رەهای عێراق و عەلی حەسەن ئەلمەجید وەکوو ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش و فەرماندەی شاڵاو و هێرشەکانی ئەنفال و حسێن کەماڵ حەسەن ئەلمەجید وەکوو یەکێک لە فەرماندەکانێ ئەرتەش بە بکەری سەرەکی تاوانی ژینۆساید ئەژماردەکات و ویستی تایبەت بۆ لەناوبردنی گەلی کورد بە مسۆگەر دادەنێ، فرانس فان ئانرات لە تۆمەتی کۆمەڵکوژی بێبەریدەکات. لەبەر ئەوەیکە دادگە ناتوانێ بیسەلمێنێ کە فرانس فان ئانرات ویستی تایبەتی لەناووبردنی گەلی کوردی هەبووبێت. راستە کە کورد ژینۆسایدکراوە بەڵام ئانرات بە کرادارەکانی خۆی ویستی لەناوبردنی کوردی نەبووە و ناکرێت بەشداری لە تاوانی ژینۆسایدی کورددا بخرێتە ئەستۆی. چونکوو دادگە هیچ بەڵگەیەکی بەدەستەوە نیە کە بیسەلمێنێ کە فرانس فان ئانرات لە ویستی دەوڵەتی بەعس بۆ لەناوبردنی گەلی کورد ئاگەداربووبێت و هەر لە سەر ئەم بنەمایە، ئەم تاوانەی بەسەردا ساغنابێتەوە.

### 6- پێناسەی دادگە بۆ تاوانی شەڕ

ماددەی 8ی دەستوورنامەی دادگای تاوانکاری نێونەتەوەیی پەسەندکراوی کۆنفرانسی 1998 رۆما بە پشتبەستن بە پەیماننامە چوارێنەکانی 1949 ژنێڤ و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکانی 1977 و هەروەها باوا نێونەتەوەییەکان سەبارەت بە شەڕی چەکداری و یاسای مرۆڤدۆستانی نێونەتەوەیی بەم جۆرە تاوانەکانی

شەڕ پێناسەدەکات:

مەبەست لە تاوانی شەڕ لە دەستوورنامەی دادگای تاوانکاری نێونەتەوەییدا ئەنجامدانی هەریەک لەم کردەوانەی خوارەوەیە بە تایبەت کاتێک کە ئەم کردار و تاوانگەلە لە دووتۆی پلان و بەرنامە یان سیاسەتێکدا رووبدەن یان زنجیرەیەک لە تاوانی هاوشێوەبن و لە ئاستێکی بەرفراواندا ئەنجامبدرێن:

- پێشێلکردنی قورسی پەیماننامەکانی 12 ئووتی 1949ی ژنێڤ، واتا هەر یەک لەو کردارانەی دژی کەس و موڵک و ماڵ و داراییانەی کە لە لایەن ئەم پەیماننامەگەلەوە پارێزراون؛

- پێشێلکردنی قورسی یاسا و ریسا باوەکانی یاسای نێونەوتەوەیی مرۆڤدۆستانە و ئەو یاساگەلەی زاڵن بەسەر شەڕی چەکداری نێودەوڵەتیدا؛

- لە حاڵەتی روودانی شەڕی نانێودەوڵەتیدا، بنپێکردنی قورسی ماددەی 3ی هاوبەش لە جووارپەیماننامەکەی ژنێڤ 1949 واتا هەریەک لەو کردارانەی کە دژ بەو کەسانە دەکرێت کە هیچ جۆرە بەشدارییەکی کارایان لە شەڕدا نیە؛

- پێشێلکردنی قورسی ئەو بەشەی لە یاسا و رێسای نێونەتەوەیی کە بەرکارن لە کاتی شەڕی چەکداری نانێودەوڵەتیدا؛

دادگە پاش ئەوەی رووداوەکانی شەڕی نێوان ئێران و عێراق دەگێڕێتەوە و بە شیوەیەکی یاسایی وەکوو ئەوەی خوارەوە لێکدانەوەیان بۆ دەکات:

- لە مەودای نیوان 22ی سێپتەمبەری 1980 بۆ 20ی ئووتی 1988 شەڕی چەکداری نێودەوڵەتی لە نێوان ئێران و عێراقدا هەبووە؛

- لە خاکی عێراقدا لە نێوان ئەرتەشی حکوومەتی عێراق و گرووبە بەرهەڵستکار و بەرخۆدێرە کوردەکاندا لە لایکەیترەوە شەڕی چەکداری نانیوودەوڵەتی (لە چورچێوەی واتایی یاسای شەڕی چەکداری) دا بوونی هەبووە، ئەم شەڕە نانێودەوڵەتییە زۆر لە پێشووترەوە دەستیپێکردبوو و لە مەودای زەمەنی کاتی تۆمەتەکەشدا هەر بەردەوامبووە.

دادگە بۆ ئەو زانیاریانەی تایبەتن بە نەتەوەی کورد و شۆڕشەکانی دژی حکومەتی بەعس و راپەڕینەکانی کورد پشت بە کۆمەڵێک سەرچاوەی زانستی و مێژوویی دەبەستێت کە کۆمەڵێک بەڵگەنامەی باوڕپێکراو ئەخاتە بەرچاو کە هەندێکیان نووسەرانی بەناوبانگی بیانی بەرهەمیان هێناوە و هەندێکیان بەلگەنامەی ناوەند و رێکخراوە نێودەوڵەتییەکانن. سەرجەم ئەو سەرچاوانە لە لایەن دادگەکەوە شرۆڤەی یاسایی بۆ کراوە و وەکوو بەڵگەنامە و فەکت بۆ سەلماندی راستییەکان کەڵکیان لێوەرگیراوە. بۆیە دادگە دەگات بەوەی فرانس فان ئانرات ناتوانێ خۆی بێئاگا لەو بابەتانە لە قەڵەمبدات.

فرانس فان ئانرات ئاگەداری شەڕی نێوان عێراق و ئێران و هەروەها عێراق و گرووپی بەرهەڵستکاری کورد بووە و لەم رووەوە زانیاری تەواوی هەبووە، سەرەڕای ئەم زانیارییە هەڵساوە بە دابینکردنی مادەی خاو بۆ بەهەمهێنانی بۆمبی کیمیایی بۆ دەوڵەتی عێراق. دادگە دەگات بەو باوەڕەی کە بە پێی ئەو بەڵگە و راستییانەی بەردەستن فرانس فان ئانرات ئاگەداری دۆخەکە بووە و ئەو پێداویستییانە بۆ دەوڵەتی عیراق دابینکردووە کە بۆ تاوانی شەڕ کەڵکی لێوەرگرتوون و ئەو مادده و پێداویستییانەی بە سەوڵەتی عێراقی فرۆشتوون تەنی و تەنیا بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی کەڵکیان لێوەردەگیرێ.

دادگە رادەگەینێ بەڵگە باوڕپێکراوەکان دەیسەلمێنن کە دەوڵەت و ئەرتەشی عێراق بە چەندینجار یاسا و رێساکانی شەڕی چەکداری و باوە یاساییەکانی مرۆڤدۆستی نێونەتەوەیی و پرۆتۆکۆلی ژنێڤ 1925 و ماددەی 147ی پەیماننامەی چوارەمی 1949ی ژنێڤ سەبارەت بە پاراستنی کەسانی مەدەنی و هەروەها ماددەی 3ی هاوبەشی هەر چوار پەیماننامەکەی 1949ی ژنێڤیان بنپێکردووە و ئانراتیش لەم پێشێلکارییە قورسەدا بەشدارە و هاوکاری ئەرتەشی کردووە و کەرەستە و ئامرازی تەواوی بۆ دابینکردوون. هێرشی کیمیاوی لە 16ی ئەپریلی 1987 بۆ سەر ئاڵوت و 28ی ژوویەی 1987 بۆ سەر سەردەشت و 16 مارسی 1988 بۆ سە هەڵەبجە و 22 ژوویەی 1988 بۆ سەر زەردە و 2ی ئووتی 1988 بۆ سەر شاری شنۆ و دەیان ناوچەی دیکە کراوە کە بووتە هۆی مەرک و لەناوچوون و برینداربوونی هەزاران کەس و زیانی گیان و رۆحی بەجێهێشتووە. ئەم کردەوە بە ئەنقەست و بە بەربڵاو و بە دەیان جار کراوە. ئانرات ئامرازی دروستکردنی بۆمبی کیمیایی بۆ ئەنجامدانی تاوانی قورسی نێونەتەوەیی دابینکردووە. بە زانیاری تەواو و بە مەبەستی بەدەستهێنانی پارە و قازانج یارمەتی پرۆژەی بەرهەمهێنانی چەکی کیمیایی عێراقی داوە. یارمەتییەکانی ئەو بووتە هۆی گیانلەدەستدانی هەزاران کەس لە ئاکامی هێرشە کیمیاوییەکانی رێژیمی بەعسدا.

**7- بڕیاری دادگە**

بەپێی بڕیاری دادگە تۆمەتی یەکەم کە تایبەت بوو بە بەشداری لە ژینۆسایدی گەلی کورددا لەسەر لائەچێ، بەڵام دادگە بە پشتبەستن بە راستییەکان و بەڵگە حاشاهەڵەنگرەگان دەگات بەوەی کە ژینۆسایدی گەلی کورد روویداوە. سەبارەت بە تۆمەتی دووهەم دادگە رادەگەینێ کە بەڵگەکان دەسەلمێنن کە تاوانی شەڕ روویداوە و فرانس فان ئانرات راستەوخۆ بەشداری لەم تاوانەدا کردووە و تەنانەت پاش کیمیاباران هەڵەبجەش سەردانی پایەختی عێراقی کردووە و نێوی بازرگانی خۆشی گۆڕیوە بۆ ئەوەی کە نەناسرێتەوە و هاوکارییەکانی بۆ پرۆژەی چەکە کیمیاوییەکانی عێراق بەردەوامبووە. تەنانەت هیچ ئاماژەیەک بۆ ئەوەی کە ناوبراو پەشیمان بووبێتەوە یان بە بەزەییەوە چاوی لە قوربانییان کردبێت تێیدا بەدینەکراوە. بۆیە لە کۆتاییدا بە پێی یاسای هۆڵەند قورسترین سزای بەسەردا دەسەپێندرێ بۆ بەشداریکردن لە تاوانەکانی شەڕدا لە رێگەی هاوکاریکردنی رێژیمی حاکمی ئەوکاتەی عێراقەوە بۆ بەرهەمهێنانی چەکی کۆکوژ و کیمیاوی.

**8- دەرەنجام و خاڵە گرینگەکانی بڕیاری دادگە**

زۆر گرینگە کە هیچ تاوانبارێک نەتوانێ لە دەرەوەی یاسا بمێنێتەوە و رزگاری بێت لە دادگاییبوون و لە سزاوەرگرتن. بۆیە هەر دادگاییکردنێک بە دوای دوو ئامانجدا دەگەڕێت: یەکەم، دادپەروەری و قەرەبووی قوربانییان و گەڕاندنەوەی ئاسایش و سەقامگیری بۆ کۆمەڵگا لە رێگای سزادانی تاوانبارەوە. دووهەم، رێگریکردن لە دووبارە و چەندبارەبوونەوەی تاوان لە رێگای چاوترسێنی یاساییەوە کە هەست و خواستی ئەنجامدانی تاوان لاوازبکات. سەرەڕای ئەم بابەتانە کۆمەڵێک خاڵی جێسەرنج لە هەموو دادگاییکردنێکدا هەن بە تایبەت لە کەیسێکی وەکوو دادگاییکردنی فرانس فان ئانراتدا دەردەکەون کە لەوانەیە گرینگایەتی و قورساییەکەیان لە بڕیاری کۆتایی دادگەکە زۆرتر بێت و تا ساڵەهای پاش دادگاییکردنەکە هەر ئاماژەی پێبدرێ و لێکۆڵینەوەی لەسەربکرێ. ئەم بابەتە لە بڕیارەکانی دادگە نێونەوەتەوەییەکاندا

زیاتر بەرچاودەکەوێ هەندێکجاریش راوبۆچوونی دادوەرەکان هاوپێچی بڕیاری دادگەکە دەکرێت و بڵاودەکرێتەوە کە بەردەوام ئەبنە هۆی گەشەسەندنی یاسای نێونەتەوەیی. ئەم بابەتە لە کەیسی فرانس فان ئانراتدا لە کاتی گەنگەشەی دۆسیەکەدا و دووتۆی ئاراستەکردنی تۆمەت و بەرگری تۆمەتبار لەخۆی و بەڵگاندنەکانی دادگە و هەروەها بۆچوونی دادوەران و دادگە لە سەر هەندێک بابەت بەرچاودەکەوێ کە جێ سەرنج و جێگای تێرامانن.

سێ بابەت لە بڕیاری ئەم دادگەدا و لە دووتۆی پرۆسەی دادگاییکردنەکەدا زۆر گرینگن و دەکرێت زیاتر لە سەریان راوەستەبکرێت. ئەم مژارانە بۆ نەتەوەی کورد و هێزی رزگاریخوازی کورد کە ناچاری بەرپەرچدانەوەی چەکداری و بەرگری رەوا دەبێت و بۆ قوربانیانی چەکی کیمیاوی دەکرێت ببێتە بەردێکی بناغە بۆ پێداگری و داواکاری لە سەر مافی قەرەبووکردنەوە و بۆ نەتەوەی کوردیش یەکەمجار لە رێگای دادگەیەکی وڵاتێکی بیانی و ئەوروپییەوە بە فەرمی دان بە ژینۆسایدکردنیدا دەنرێت و ئەمەش دەبێتە بەردی بنەما بۆ کۆمەڵێک داواکاری یاسایی لە دەوڵەتی عێراق و لە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی.

**1-8- خاڵی یەکەم: ژینۆسایدی گەلی کورد**

لە بڕیاری دادگەدا فرانس فان ئانرات بۆ ژینۆسایدی گەلی کورد مەحکووم نەکرا بەڵام بەشی هەرە زۆری بەڵگەنامە و سەرقاڵییەکانی ناو دادگەکە تەرخانکرا بۆ لێکۆڵینەوە لە ژینۆسایدی گەلی کورد وەکوو نەتەوەیەکی خاوەن پارێزبەندی لە بەر رووناکی پەیماننامەی نێونەتەوەیی قەدەغەبوونی ژینۆسایدەوە بەو پێوەرانەی کە لەم پەیماننامەیەدا هاتوون. یەکەمجار دادگەیەکی ناوخۆیی و ئەوروپی باسی ژینۆسایدی کورد دەکات کە دەکرێت ببێتە بەردی بناغە بۆ داواکاری مافی ئەو نەتەوەیەی کە ژینۆسایدکراوە. دادگە بە راشکاوی رادەگەینێ کە کوردەکان هەڵگری ئەو پێناسەیەن کە بۆ گرووپێکی نەتەوەیی خاوەن پارێزبەندی لە پەماننامەی ژینۆسایددا هاتووە.

**2-8- خاڵی دووهەم: جیاوازی نێوان هێزی تیرۆریستی و هێزی رزگاریخواز و بەرهەڵستکار**

یەکێک لەو تۆمەتانەی کە دەوڵەتە داگیرکەرەکان و رێژیمە رەگەزپەرستەکان بەردەوام رووبەڕووی مافخوازان و راپەڕیوانی دەستی ستەم و نادادی و داگیرکاری دەکەنەوە ئەوەیە کە هەر چەشنە داواکاری و مافخوازییەک بە دڕندانەترین شێوە وەڵام دەدەنەوە و ئەو گرووپ و رێکخراوانە کە بەرپەرچی سەرکوتکارییەکان ئەدەنەوە و دژی ستەم رادەپەڕن بە تیرۆریست و تێکدەر و ئاژاوەگێڕ ناوزەد دەکەن. رێژیمی بەعسیش هەر کوردێکی مافخواز و راپەڕیوی بە تێرۆریست و ئیرهابی و ئاژاوەگێڕ دادەنا و لەو چوارچێوەیەدا لە گەڵی هەڵسووکەوتی دەکرد. ئەم دادگایە بۆ یەکەمجار باسی گرووپێک دەکات کە دژی رێژیمێکی دڕندە و رەگەزپەرست بەرخۆدان دەکات و بە گرووپی بەرخۆدێر ناویان لێدەبات و رادەگەینێ کە ئەم گرووپە یەکێک لە لایەنەکانی شەڕن و هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکوو هێزێکی رزگاریخوار پێناسەدەکات و دەیخاتە ناو چوارچێوەی یاسای نێونەتەوەیی شەڕی چەکدارییەوە و لێرەشدا پێگەی یاسایی بۆ هێزی رزگاری کوردستان دادەنێت. لەسەر ئەم بنەمایە رادەگەینێت کە ئەو راستیە کە هێزە کوردیە بەرهەڵستکارەکان هەندێکجار لەگەڵ هێزەکانی ئێران هاوڕێ بوون و پێکڕا هێرشیاندەکرد

نابێتە هۆی ئەوەی کە شەڕەکەیان لە شەڕی ناوخۆییەوە بگۆڕدرێ بۆ شەڕی نێودەوڵەتی یان بەشێک لەو شەڕە. لە بەر ئەوەی کە ئێران هیچ هێز و کۆنترۆڵێکی بە سەر ئەوانەوە نەبوو و هێزەکانی بەرهەڵستکار (مقاومەت) بەردەوام بە دوای ئامانجی خۆیانەوە بوون.

بەلەبەرچاوگرتنی ئاستی بەربڵاوی هێرش و پێکدادانەکانی نێوان گرووپە بەرهەڵستکارەکان و هێزەکانی دەوڵەت و ئەو چەکانەی بەکاردەهێندران و ئەو راستیەی کە هێزە کوردیەکان توانای رێکخستنی هێرشی چەکداری لە ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە هەبووە، شێوازی رێکخستنی ئەم گرووپە بەرخۆدێرە لە رێکخستنە بەرپەرچدەرەکانی خۆیان، هیچ ئاماژە یان نیشانەیەک لە ناڕێکی ناوخۆیی و ناڕێکخراوەیی پێوە دیارنیە و کردەوەی تووندوتیژی و بێسەرەوبەرەیان لێنەکەتووتەوە. بۆیە شەڕ و پێکدادانی ناوخۆیی بەو مانایەی کە لە یاسای شەڕی چەکداریدا هاتووە، بوونی هەبووە.

ئەو پێوەرانەی دادگە بۆ تەوفیردانان لە نێوان هێزێکی رزگاریخواز و بەرهەڵستکار لە گەڵ هێزێکی تووندئاژۆ و تێرۆریستی و تێکدەر یان ئاژاوەگێردا ئاماژەیان پێ دەکات لە یاسای نێونەتەوەیی شەڕی چەکداریەوە وەرگیراون کە بۆ هەر دۆخێکی هاوشێوە و وەکهەڤ دەکرێ کەڵکیان لێوەربگیرێ بە پێ ئەم پێوەرانە دەکرێ هێزێکی چەکداری رزگاریخواز و بەرهەڵستکاری رێژیمی رەگەزپەرست و ئاپارتاید لە هەڵچوونێکی بێ سەرەوبەرە یان گرژی و ئاڵۆزی و تێرۆر جیابکرێتەوە. ئەم جیاوازیە دەبێتە هۆی بەفەرمی ناسینی هێزی رزگاریخواز لە روانگەی یاسای نێونەتەوەیی و یاسای مرۆڤدۆستانەی ناڤنەتەوییەوە. بۆ ئەم مژارە دادگە ئاماژە دەکات بە فەرماندەری و سەرۆکایەتی بەرپرسیار و لێپرسراوی ئەم هێزانە، رێکخستن و سازی بوون، هێز و توانای هێرش و بەرپەرچدانەوە، خاوەن پرەنسیپ و کردار و هەڵسووکەوتی نیزامی، هەڵگری ناسنامە و جلوبەرگی تایبەت، لێدان لە ئامانجی نیزامی، خۆبواردن لە کوشتن و خەسارگەیاندن بە خەڵکی ئاسایی و مەدەنی. بنەمای ئەم پێوەرانە لە پەیماننامەکانی ژنێڤ 1948 و پرۆتۆکۆلەکانی 1977ی دان. بە تایبەت پرۆتۆکۆلی دووهەمی هاوپێچ لە بڕگەی 4 ماددەی 1 دا باسی خەباتی ئازادیخوازانەی نەتەوەیی و دژەئێستێعماری و دژەداگیرکەرانە و هەروەها دژی رێژیمە رەگەزپەرستەکان دەکات کە لەسەر بناغەی مافی دیاری کردنی چارەنووس بە پێی مەنشووری رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها پێوەندی دۆستانە و ئالیکاری نێوان دەوڵەتەکان بنیات نراوە.

### 3-8- خاڵی سێهەم: رەخساندنی دەرفەتێک بۆ داواکاری قەرەبووکردنەوەی قوربانیان

لە بڕیاری کۆتایی دادگە، تاوانبار بە بڕە پارەیەکی رەمزی وەکوو قەرەبووی زەرەر و زیان حوکمدرا و تەنانەت لە بەشەکانی کۆتایی بڕیارەکەدا تێچووی پارێزەریش لە بەرچاوگیراوە. ئەمە دەتوانێ وەکوو خاڵی بنەما چاوی لێبکرێت و بەهەندوەربگیرێت بۆ داواکاری قەرەبووکردنەوە لە دۆز و دۆسیەی نوێدا کە بە داخەوە هەتانووکە بە گوێرەی پێویست تیشکی نەخراوەتەسەر. بەدڵنیایەوە دەکرێ داوا و سکاڵای تازە هەر لەسەر ئەو بنەما و دەسکەوتانە بجووڵێندرێ. دەکرێ ئەم هەنگاوە بۆ قوربانیانی کیمیابارانەکانی رێژیمی بەعسی لەناوچوو شتێکی لێ شین بێت. بۆ ئەم مەبەستە پشتیوانی دام و دەزگا دەوڵەتیەکان زۆر پێویستە. کۆمەڵگای مەدەنی دەتوانێ قووڵایی ئەم زامە بۆ لایەنە پێوەندیدارەکان زۆرتر بخاتە ڕوو و هانیان بدات بۆ هەنگاوێکی کرداری.

## سەرچاوەکان

- خلاصه حکم صادره از دادگاه بخش لاهه، بخش جنایی، راجع به مصدومین شیمیایی جنگ، به تاریخ 23 دسامبر 2005، مجله حقوقی، نشریه مرکز امور حقوقی بین المللی معاونت حقوقی و امور مجلس ریاست جمعوری شماره سی و چهارم 1385، صص 23-462

- پەیماننامەی ڕێگریکردن و سزادانی تاوانی ژینۆساید 1948 – ئەنجۆمەنی گشتی ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان

- پەیماننامە چوارێنەکانی 1949 ژنێڤ و پرۆتۆکۆلە هاوپێچەکانی -1977 کۆمیتەی نێونەتەوەیی خاچی سوور

- Fournet. Caroline, (The Crime of Destruction and the Law of Genocide: their impact on collective memory", (Hampshire:Ashgate Publishing Company,2007).

- Quigley. John. B., ( The Genocide Convention: an International Law Analysis), (Hampshire:Ashgate Publishing Company 2006).

- Schabas. William. A., (An Introduction to the International Criminal Court), 3rd ed, (New York: Cambridge University Press 2007)

- Tomuschat. Christian et al, (The Fundamental Rules of the International Legal Order, Jus Cogens and Obligations Erga Omnes), (Leiden: Koninklijke Brill NV 2006).

- بڕیاری دادگەی لاهای لە ماڵپەڕەکانی خوارەوە بەردەستە بەزمانی هۆڵەندی و ئینگلیزی:

- http://zoeken.rechtspraak.nl/zoeken/dtluitspraak.asp

- http://zoeken.rechtspraak.nl/zoeken/dtluitspraak.asp?searchtype=ljn&ljn=AV6353&u_ljn=AV6353

www.rechtspraak.nl/ljn.asp?ljn=AX6406

- https://uitspraken.rechtspraak.nl/#!/details?id=ECLI:NL:RBSGR:2010:BR5088&showbutton=true&keyword=751003&idx=9

- https://linkeddata.overheid.nl/front/portal/document-viewer?ext-id=ECLI:NL:RBSGR:2005:AX6406

- Application of the Convention on the Prevention and Punishment of the Crime of Genocide (Bosnia and Herzegovina v. Serbia and Montenegro), International Court of Justice, 26 February 2007. available at: http://www.icj-cij.org/docket/files/91/13685.pdf

- ICTY, Krstic, case nr. IT-98-33-A, sentence on appeal, 19 April 2004, paragraphs 12 and 13

- Prosecutor v. Akayesu, Case No. ICTR 96-4-T, Judgment 513-14 (Sept. 2, 1998).

- Public Prosecutor›s Office number 09/751003-04, Available at: https://linkeddata.overheid.nl/front/portal/document-viewer?ext-id=ECLI:NL:RBSGR:2005:AX6406

- The Prosecutor of the Tribunal against Radovan Karadzic, Amended Indictment, Case No. ICTY-IT

- The Prosecutor of the Tribunal against Radovan Karadzic, Amended Indictment, Case No. ICTY-IT 95-5, 16 May 1995; The Prosecutor of the Tribunal against Ratko MladiĆ, Amended Indictment, Case No. ICTY-IT-95-5/18-I, 16 May 1995.

- The Prosecutor v. Akayesu Jean-paul, Case No. ICTR-96-4-T, 2 September 1998.

- The Prosecutor v. Clement Kayishema and Obed Ruzindana, Case No. ICTR-95- 1-T, 21 May 1999.

- The Prosecutor v. Jean Kambanda, and Kayishema Case No. ICTR 97-23-S,4 September 1998, and Ruzindana Case, Trial Chamber Sentence.

- The Prosecutor v. Jean Kambanda, Case No. ICTR 97-23-S,4 September 1998, Kayishema and Ruzindana Case, Trial Chamber Sentence.

- The Prosecutor v. Jelisic, Case No. ICTY-1T-95-10-T, 14 December 1999.

- The Prosecutor v. Sikirica, Case No. ICTY- IT-95-8-T, 13 November 2001.

- The Prosecutor v. Stakic, Case No. IT-97-24-T, Trial Chamber Judgment, 31 July 2003.